

# عەینەک مۆدێلە یان ڕووپۆشێکی کۆمەڵایەتی؟

## کچێك " کچان هەرشتێکیان بوێت دەتوانن لەژێر عەینەکەکانیانەوە بیکەن "

● (کوردە محەممەد) هەر ئەوەندەی لەماڵ دەچێتە دەر عەینەکە ڕەشەکەی لە جانتاکەی دەردەهێنێت. دوو چاوی ڕەشی گەورە لەژێر ڕەنگی ڕەشی چاویلکەکەوە بەملاولادا دەجوڵێنێ. کوردە کە لەماڵەوە دێتە دەر لەترسی توانج و تێڕوانینی کۆڵانشینەکانی خۆی هەتا بە تەواوەتی لە ماڵ دوور نەکەوێتەوە چاویلکەکەی دەرناکات و چاوە پڕ لە ئەفسوونەکانی پێناپۆشێت.

گەر لە دونیای کوڕاندا عەینەك چەند وەزیفەیەکی دیاریکراوی هەبێت ئەوا لە نێو دونیا ئاڵۆزەکەی کچاندا چەندین مانای جیاواز لە خۆ دەگرێت ، لای هەندێك لە کچان عەینەك وەکو مۆدێلێك و بۆ جوانتر کردنی روخسار بەکاردەهێنرێت.

(ڕۆشنا حامید)، خوێندکار لە کۆلیژی تەکنیکی لەم بارەیەوە دەڵێت" من چاویلکە بۆ جوانی بەکاردەهێنم و زۆربەی کات بە مۆدێل دەیگۆڕم و هەمیشە هەوڵدەدەم لەگەڵ جلەکانمدا بیگونجێنم و زۆرکاتیش بۆ سەرنجڕاکێشانە "

بەڵام (نیگا نەوزاد) قوتابی لە زانکۆی سلێمانی کە لەبەر کزی چاوەکانی عەینەك بەکاردەهێنێت دەڵێت"ئەو چاویلکانەی کە ئێستا لەلایەن کچانەوە بەکاردەهێنرێت هیچ بۆ جوانی نییە، چونکە ئەو چاویلکانە جوانی دەشارنەوە"

لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین و زەقبوونەوەی تیشکە زیوینەکانی خۆردا بازاڕی چاویلکەفرۆشەکان گەرمدەبێت و خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە کڕینی چاویلکە.

ئەوین ئازاد قوتابی چوارەمی جوگرافیا لە زانکۆی سلێمانی ووتی " من زۆرجار ماکیاژی چاو ناکەم بۆیە چاویلکە بەکاردەهێنم، زۆرکات لەکاتی گەرما و سەرمای زۆردا بەکاریدەهێنم"

بەڵام (شەوبۆ محەمەد) قوتابی لە زانکۆی سلێمانی هەرچەندە بەپێی ڕێنمایی پزیشکەکان چاویلکە بەکاردەهێنێت لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە باو و جوانەکان بەکاردەهێنێت .

هەندێك لە کچان ڕایان وایە کە لەچاوکردنی عەینەك یارمەتیان ئەدات بۆئەوەی لە نیگاکردنی دەوروبەردا ئازادبن، بەتایبەتی کە کۆمەڵگا وەك هەموو شتەکانی تر نیگاشیانی سنووردار کردووە.

ڕۆشنا دەڵێت " بە دڵنیاییەکی زۆرەوە کچان هەرشتێکیان بوێت دەتوانن لەژێر عەینەکەکانیانەوە بیکەن"

هەرچەندە بەشێك لە کچان وەك هۆکارێکی جوانکاری عەینەك بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێکجاریش ڕوبەڕوی توانج و پلاری کۆمەڵگا دەبنەوە بەهۆی لەچاوکردنی عەینەکەوە.

(کوێستان ئەحمەد) دەڵێت" کچان زۆربەی کات ڕووبەڕووی توانج دەبنەوە لەلایەن کوڕانەوە، ئەمەش زۆربەی کات تەئسیر لە کچان دەکات کە خۆیان بەکەم بزانن بەتایبەت گەر ئەو کەسە چاویلکە بۆ مەبەستی چاوکزی بەکاربهێنن بۆیە ئەوکاتە هەست بە خۆبەکەمزانینێك دەکەن لە خۆیاندا "

**ڕاپۆرتی نوسیبە فەریح**
**زانکۆی سلێمانی**